# تەسەوفی ئیسلامی و روانینێکی نوێ دەربارەی شیعری سۆفیگەرێتی




مەحوی



مەولانا خالید



بابە تاهیری هەمەدانی



## لەتیف هەڵمەت

2–2

**شیعری سۆفیگەریی کوردی**

**دەمەوێ لێرەدا شتێک بوروژێنم ئەویش ئەوەیە کە نەک هەر لە شیعری کوردیدا بەڵکو لە شیعری عەرەبی و فارسی و زۆربەی گەلانی ئیسلامدا شیعری تەسەوف و شیعری ئاینی تێکەڵاو بووەو هەر شاعیرێک ستایشی خواو پێغەمبەرانی بە شیعر نووسیبێ و سۆزو لاڵانەوەو پاڕانەوەی ئاینی و سروودی رۆحی هۆنیبێتەوە، ئیتر بەبێ سێ و دوو خراوەتە خانەی تەسەوفەوە... بەڵام ئەمە بەلای منەوە پۆلاندنێکی هەڵەیەو پێویستە ئەم دوو جۆرە شیعرە بەپێی خەسڵەت و مۆرک و ئەدگارو تایبەتمەندێتی خۆیان لێکدی جیابکرێنەوە.. چونکە وەک چۆن شیعری کلاسیکی و شیعری ریالیزمی جیاوازن و**

هەر ڕێبازێکیان و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ..بەڕای من بەوجۆرە شیعری ئاینی و شیعری تەسەوف دوو بابەتی جیاوازن و هەر یەکەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو بە گوێرەی جۆری ئەو تایبەتمەندییە دەناسرێن و پۆل بەند دەکرێن.. بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ لە یەک خانەدا پۆلبەند کراون و بە درێژایی مێژوو لە رووبەری وێژەی ئیسلامیدا شیعری سۆفیگەری و شیعری ئاینی بە گشتی چونییەک سەیرکراون و بەشیعری تەسەوف ناودێر کراون... بەڵام من بە رەهایی دەیڵێم شیعری سۆفیگەری ئەو شیعرەیە کە دیاردەی یاخیبوونی تیابێ لە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی دارایی و دەسەڵاتی ئاینی.. واتا –شەریعەت– یاخود یاخیبوون لە یەکێک لەو دەسەڵاتانە... بەڵام جێی داخە دەیان شاعیری کوردو عەرەب و...هتد، لە خانەی سۆفیگەرێتیدا پۆلێن کراون و کەچی شیعرەکانیان لەسەداسەد پابەندی بازنەی شەریعەتن و بە موو لەو بازنەیە دەرنەچوون، بەڵکو لە پابەندبوون بەو بازنەیەوەو زیادەڕەویشیان کردووە... و من دەمەوێ لەم دەرئەنجامەوە خاڵێکی گرنگ بوروژێنم کە ئەویش ئەوەیە لە رووبەری شیعری کوردیدا شیعری سۆفیگەری نییەو هەموو ئەو شیعرانەی کە بە کولتوری تەسەوف لە قەڵەم دراون.. شیعرگەلێکی ئاینی و خواناسی و شەریعەتی و بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان ناچنە خانەی شیعری سۆفیگەرییەوە.. ئەوەتا شاعیرێکی گەورەی وەکو مەحوی کە من بە یەکێک لە ئەستوونە گرنگەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەزانم و رەنگە بوێرم بڵێم لە هونەرکاری شیعری کلاسیکی کوردیدا بێ هاوتایەو لە ریزی پێشەوەی شاعیرە ناودارەکانی جیهاندایە.. ئەوەتا خۆی بەزمانی خۆی دەڵێ من شاعیرێکی خواناسم و پابەندم بە شەریعەتی موحەمەدییەوە: یەعنی پەیەمبەری عەرەبی هاشمی نەسەب/ ئەحمەد لە ئاسمان و محەمەد لەسەر زەمین/ دین و کوتوب نەما بوە دین و کتابی ئەو/ باقی دەبێ شەریعەتی ئەو تاکو یەومی دین.. دیوانی مەحوی ل 379–380، بەڵام حەللاج دەڵێ: لە دینی خوا گومڕابووم و لەلای من گومڕایی/ ئەرکی سەر شانمەو لای موسڵمانانیش ریسوایی.. اخبار الحلاج: تێنیف: علی بن النجب الساعی البغدادی.

هەروەها مەحوی لە شیعرێکی دیدا بە ئاشکرا دەریدەبڕێ کە سۆفی نییەو دەڵێ: کە شێخ و واعیچ و یۆفی بە جەننەت بەن گەدو گیپاڵ /دەبێ ئەمپالی ئێمە بۆ جەهەننەم بەن سەرو سیپاڵ.. مەحوی لەم شیعرەدا نەک هەر ئەوە دەخاتەروو کە سۆفی نییە، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان تانەو تەشەریش لە سۆفییان دەگرێ، چونکە وشەگەلی وەکو (گەدوگیپاڵ ( گەپکارییەکی پێوە دیارە دەربارەی تەسەوف. هەر لەم بازنەی بۆچوونەی خۆشمەوە بەسەرجەمی دیوانە چاپکراوەکەی مەولەوی دا چوومەوە... و ئەوەم زیاتر لەلا چەسپا کە مەولەوی گەورەترین شاعیری رۆمانسی کوردەو رەنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوتای کەمبێ.. بەڵام بە داخەوە هیچ شیعرێکی سۆفیگەریم لەلای مەولەوی بەدی نەکردو ئەوەی کە لێکۆڵەران و عاشقانی شیعری مەولەوی ناویان لێناوە شیعری تەسەوف.. شیعرگەلێکی ئاینی و خوا ناسین و هیچ پەیوەندییەکیان بە تەسەوفەوە نییەو ئەمەش نموونەیەکە لەو شیعرانە: ئیمشەو تەنیایی جەستەی زەبوونم/ دیسان سەروازکرد دڵەی پڕ هوونم /سوزیام هەی سوزیام وێنەی شوعلەی نوور/ بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور.. شاعیرێکی پایەبەرزی وەکو بابا تاهیری هەمەدانیش کە کوردو فارس ململانێیانە لەسەری و کورد دەڵێ کوردەو فارس دەڵێ فارسەو ناوبانگیشی وەکو شاعیرێکی سۆفی بڵندەو گەلێ لێکۆڵینەوەو بابەتی لەسەر نووسراوە ..بەلای منەوە شاعیرێکی خواناسەو دەچێتە خانەی زاهیدانەوەو خەسڵەتی شیعری زوهدو ئاینپەروەری لەسەرجەمی شیعرەکانیدا بەدی دەکرێ. نەک مۆرک و ئەدگاری سۆفیگەری هەر بۆ نموونە: دلا غافل زسبحانی چە حاێل/ مگیع نفس شیگانی چە حاێل/ بود قدر تو افزون از ملایک/ تو قدر خود نمید انی چە حاێل.. بابا تاهیر عریان: ل52– انشارات: حریم یاس. بە راستی ئەمە شیعرێکی ئاینییەو بابا تاهیری هەمەدانی سەرزەنشتی دڵی خۆی دەکات و رێنمایی دەکات کە لەخوا غافڵ نەبێ و نەکەوێتە داوی دەروون و شەیتانەوە... لە زۆر چوارینەی دی بابا تاهیری عوریان دا ئەم چەمک و چەمکە ئاینییە دەردەکەوێ، بەڵام ناچێتە خانەی شیعری سۆفیگەرییەوەو ئەمەش چەند نموونەیەکی ترە لە چوارینەکانی:

خدایا داد ازاین دل داد از این دل/ کە یکدم مونگشتم شاد ازیان دل/ چوفردا داد خواهان داد از خواهند/ بوگویم ێد هزاران داد این دل/ تن محنت کشی دیرم خدایا/ دل حسرت کشی دیرم خدایا/ زشوق مسکن و داد غریبی/ بسینە اتشی دیرم خدایا/ بی تە یارب ببستان گل نرویا/ اگر رویا کشش هرگز مبویا/ بی تە هرکس بخندە لب گشایە/ رخش از خون دل هرگز نشویا/ اگر جایت بچرخ چار مین بی/ مدومت گرک اندر کمین بی/ وگر ێد سال دردنیا بمونی/ در اخر منزلت زیر

زمین بی.. دیوانی بابا تاهیری عریان– انشارات: حریم یاس.
ئەم چوارینانەو دەیان و سەدان چوارینەی دی باباتاهیری هەمەدانی ناسراو بە باباتاهیری عوریان هەر هەموویان شیعر گەلێکی پەیوەستن بە شەریعەتەوەو پابەندی بنەماکانی ئاینپەروەرین و دوورن لە هێڵی تەسەوفەوەو ناکرێ بخرێنە خانەی سوفیگەرییەوە، چونکە ئەو خەسڵەت و مۆرک و ئەدگارو بنەمایەیان تێدا نییە کە بۆ شیعری تەسەوف دیاریکراون، ئەم شیعرانەو سەدان شیعری دی لەم جۆرەی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و هتد شیعری زوهدو خواناسین و هەر کەسێ بە شیعری تەسەوف ناودێریان بکات، ئەلفو بێی تەسەوف نازانێ و جیاوازیی نێوان زوهدو تەسەوفی بۆ دەرنەکەوتووەو دەبێ بڕوات لە سەرچاوە ئاینییەکانی ئیسلامی پیرۆزدا باسی زوهدو تەسەوف بخوێنێتەوەو ئەوسا بە تەواوی بۆی ڕووندەبێتەوە کە زوهدو تەسەوف دوو هێڵی جیاوازن و زاهید عاشقی خوایەو سۆفی خۆی بە خوا دەزانێ و چووتە حاڵەت و بارودۆخێکەوە لێیتێکچووە کە ئایا خۆی خوایە یاخود خوا ئەمەو ئەمەش حاڵەتێکە لە زاراوەی سۆفیگەریدا بە فەنافی الله ناودەبرێ و بەهەشت و دۆزەخی لەلا دەبێ بە یەک و نە بەخۆشی بەهەشت ئارامدەگرێ و نە لە ئاگری دۆزەخ دەترسێ.. بەڵام زاهید هەر خەریکی پاڕانەوەیەو هەمیشە لە ئاستانەی عەرشی خوادا دەگری بۆ ئەوەی لە ئاگری دۆزەخی دووربکات و بە هەشتی پێ ڕەوا ببینێ.. تەنانەت بەلای منەوە شیعرەکانی جەنابی مەولانا خالید کە دامەزرێنەری ڕێبازی سۆفیگەرێتی نەقشبەندییە لە کوردستانی باشوورو عیراق و هەندێ لە وڵاتانی دەوروبەردا وەکو شاعیر.. شاعیری زوهدو خواناسی و شەریعەتگرییەوە شیعرەکانی بەهیچ جۆرێک ناچنە خانەی شیعری تەسەوفەوە، چونکە وەکو لەسەرەتای ئەم نووسینەدا وتمان تەسەوف دژی دەسەڵاتی دینییە، واتا دژی (شەرع)ەو دژی دەسەڵاتی سوڵتەو دەسەڵاتی سامان و پارەو موڵکدارییە، بەلاَم جەنابی مەولانا خالید وەکو موفتی ئەزهەر داکۆکی لە شەرع و دەوڵەت و سامان دەکات.. هەر بۆ نموونە لە شیعرێکی دا کە بۆ ئیبراهیم پاشای بابانی نووسیوە، دەڵێ: شاهێکی دەریا دڵی والا تەبار/ داوەری دارا ڕەوشتی جەم ویقار/ کێوی شەرەف کانی سەخاو کەرەم/ هەر کەسێ لای ئەو کە ببێتە خەدەم/ ڕوتبەی ئەگاتە کەمەری ئاسمان/ حاجەتی نامێنێ بە ڕوتبەو نیشان/ ڕەغبەتی واداوە بە ئەربابی شەرع/ ئەرچ و سەمایەکە بە ئەێل و فەرع/ ناوی بەناوێکەوەیە هاونیشان/ ئاگری نەمروود بووە گوڵستان.... قەسیدەی ژمارە 81– دیوانی ڕۆحی مولانا– بە کوردی کردنی: پیرەمێرد، ل– 53–54– ئامادەکردنی مەحمود ئەحمەد محەمەد. هەروەها جەنابی مەولانا خالیدی ڕێبەری نەقشبەندی لە لاپەڕە–140 ی سەرچاوەی پێشوودا لە شیعرێکی دیدا بەناونیشانی (مەدحی حەسەن خان1)دا دەڵێ: بژی شەهەنشەهی بەرزو پەناهی یەزدانی/ لەشەوکەت و لەشکۆها خەلیلی ڕەحمانی/ کەفی سەخاوت وتم دەریایە دڵ ووتی لاچۆ/ قیاسی بەحر ئەکەی لە کەف ئەوەندە نادانی/ لە ڕاستی بەخشش و عەقڵت کەبێنە ئەندازە/ لە دوایە حاتەمی گایی و ملووکی ساسانی/ لەبەر عەدالەتی تۆ دائیما پڵنگ و گورگ/ لە شوێنی مەڕ ئەگەڕێن ماڵ بەماڵ بۆ شوانی/ شەجیع و عالم و عادل و سەخی و مەلیک زادە/ بە ژێری –ئایەف– ی ئەمما بەجێ و ڕێگا سلێمانی... هتد. ئەم شیعرانەی جەنابی مەولانا خالید نەک هەر پەیوەندییان بە تەسەوفەوە نییە، بەڵکو لادان و دەرچوونە لە بازنەی سۆفیگەرێتی و کوتومت لەو شیعرانە دەچێ کە شاعیرانی وەکو موتەنەبی و بوحتری بە مەبەستی دەستکەوتنی خەڵات و بەرات بە شانوباهووی خەلیفەو والی و میرو دەسەڵاتداری سەردەمی خۆیاندا هەڵیاندەداو لەم دوو شیعرەی مەولانا خالیدا پشتگیریکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی پارەو سامان و دەسەڵاتی ئاینی و شەرع بە ئاشکرا دیارەو ئەمەش بە تەواوەتی پێچەوانەی ڕێبازی تەسەوف و سۆفیگەرێتییە.. و شیعرەکانی دی ناو دیوانەکەی مەولانا خالید شیعرگەلێکی پابەستی ئاین و شەریعەتن و هیچ جۆرە لادانێکیان لە شەرع تیادا بەدی ناکرێ.. بەڵام وەکو هونەری شیعر، شیعرگەلێکی ناسک و پڕ خەیاڵ و ماناو وێنەی شیعرین و سوودی زۆرم لە خوێندنەوەیان وەرگرت و دەرگای جیهانێکی نوێی شیعریان بۆ کردمەوەو بە ڕەهایی دەڵێم شیعرگەلێکی کەمهاوتان، بەڵام هەلومەرج و بنەماو خەسڵەت و مۆرکی شیعری تەسەوفیان تیادا بەرجەستە نەبووەو شیعری زوهدو خواناسین و پابەندی شەرعن و ناچنە خانەی شیعری سۆفیگەرێتییەوە.. هەڵگری بیری سۆفیگەرێتی نین... لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دەڵێم ئەو بۆچوون و بیروڕایانەی کە لێرەدا خستوومنەتە ڕوو، یاسایەکی نەگۆڕ نین و هەر هەموویان مشتومڕو گفتوگۆو بەر پەرچدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، دەشێ من لێرەو لەوێ بە هەڵەدا چووبم و سوپاسی هەرکەسێ دەکەم ئەگەر بۆچوونێکی هەڵەم بەرپەرچبداتەوەو

راستیبکاتەوە.. بەڵام دەبێ ئەوەش دووپاتبکەمەوەو بەلەسەر سووربوون و سەرگەرمی و پێداگرتنەوە بڵێم بەلای منەوە سۆفیگەرێتی و شیعری سۆفیگەرێتی دەرچوون و یاخی بوون و سەرکێشییە– بە جۆرێک لە جۆرەکان– لە جوغزی فیقە و شەرع و زوهد وەکو یاخی بوونەکانی حەللاج و شێخ محێدینی عەرەبی و سەهرەوەردی و بایەزیدی بوستامی و حافزی شیرازی و هاو کووفەکانیان.. ئەم سەرکێشی و یاخیبوونەش سنووری دابڕی نێوان شەریعەت و هەموو رێبازەکانی تەسەوف و سۆفیگەرێتییە.. دەبێ ئەوەش نەشارمەوە کە دیوانی حافزی شیرازیش چەندین بەیت و پارچە شیعرو قەسیدەی وەسپ و ستایشی هەیە بۆ تۆرانشاو شا شجاع و قوام الدین محمد ێاحب عیاری وەزیری شا شجاع.. بەڵام زۆربەی شیعرەکانی تری بە دڵی رابەران و لایەنگرانی شەریعەت نییەو دەچێتە بازنەی شیعری تەسەوف و تەریقەتەوە.. بە راستیش ئەم لایەنە بە قسەیەک و دوانی من هێڵی دابڕی بۆ دانانرێ و سەدان لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو توێژینەوەو بەراوردکاری جۆر بەجۆری دەوێ و بە ئاسانی خاڵی دابڕی بۆ دانانرێ... ئەگەر دیکارت گوتوویەتی: من بیر دەکەمەوە کەواتا من هەم و ئەمە بووبێ بە بنەمای بوونگەری و سەدان فەیلەسووف و رۆشنبیرو هزرمەند لەو پانتاییەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریان کردبێ و دەیان پرسیاریان وەڵام دابێتەوەو دەیان و سەدان پرسیاری دی بێ وەڵام مابێتنەوە.. ئەوا بە پێچەوانەی دیکارتەوە بنەمای تەسەوف لەسەر گوتەزایەک دامەزراوە کە وەڵامەکەی لە خودی خۆیدا بەدی دەکرێ و ئەویش ئەوەیە: کە من هەم کەواتا من خودام... هەر لەم چەمک و بۆچوونەشەوە بووە کە حەللاج گوتوویەتی من خودام و ئیبن عەرەبی بە ئاشکرا گووتوویەتی خودا لە ژێر پاڵتۆکەمدایەو شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەڵێ: کە حەزرەتی ئیبراهیم خرایە ناو ئاگرەوە من لەگەڵیدابووم و بە بانگی من ئاگرەکە سارد بۆوە.. هەروەها دەڵێ: من تەنیاو تاک و مەزنم... بەمجۆرە بیرکردنەوەیە فەلسەفەی تەسەوف وەکو فەلسەفەکانی دی بەرامبەر بە بوون و نەبوونی مرۆڤ دەستەپاچە ناوەستێ، بەڵکو بەهایەکی رەها بە مرۆڤ دەدات ئەویش بەهای خوایەتییەو ئەم بۆچوونەی سۆفییەکانیش لەوەوە هاتۆتە کایە کە خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەوە دەکات کە کاتێ ئادەمی دروستکرد بە مەلائیکەکانی گوت سۆژدەی بۆ بەرن، چونکە دەیکەم بە جێگری خۆم لەزەویداو ئەم سوژدەبردنەی فریشتەکان بۆ ئادەم بەرجەستەکردنی خودایەتی بوو لە ئادەمداو لەم بۆچوونەوە شیعرو هزی تەسەوف زادەی ئەوەیە کە مرۆڤ خودایە.. ئەم کێشەو بۆچوونانەش مشتومڕی زۆر دەوێ
.

.1جێی داخ و نیگەرانییە نە جەنابی مەوولانا خالیدو نە پیرەمێردو نە کەسێکی دی لە مێژووی کورددا ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکردووە کە ئەم حەسەن خانەی جەنابی مەولانا ئەم شیعری ئاراستەکردووە کێیەو ناوی تەواوی چییەو چ پلەو پایەیەکی بووەو لە چ بنەماڵەیەکەو ئێستاش نەچووە بچێ خۆزگا یەکێ لە مێژوونووسان خۆی بۆ ساغکردنەوەی ئەم بابەتە تەرخان دەکرد.. چونکە ئیشی مێژوونووس روونکردنەوەی ئەم لایەنانەیە نەک نووسینی هەندێ هەواڵ و دەنگوباسی وا کە هەموو کەسێک دەیزانێ.. یاخود لێرەو لەوێ لە سووچ و پەراوێزی گەلێ لە گەشتنامەو ژیاننامەو یادەوەری ئەم رۆژهەڵات ناس و ئەو گەڕیدەیەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان باس کراون.. بە راستی مێژووی رۆشنگەریی کوردی لەم لایەنەوە گەلێ کەم و کوڕی گەورەی تیایە.

سەرچاوەکان:


1–دیوان حافظ الشیرازی/ مؤسسە انشارات وفاجو.1379 –

2–اخبار الحلاج: تصنیف علی بن انجب الساعی البغدادی.

3–رابعە العدویە: محمد الشرقاوی.

4– حافظ الشیرازی شاعر العرفان: مهرجان تکریم حافظ

5–التێوف و النتێوفە: جان شو قلبی / ترجمە عبدلقادر قنینی.

6–رۆڤار /ژمارە– 38.

7–دیوانی مەولەوی: مامۆستا مودەریس.

8–دیوانی مەحوی: مامۆستا مودەڕیس.

9–دیوانی مەولانا خالید: بە کوردی کردنی پیرەمێرد.

10–بیروڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆم.

١١–موازين الصوفية: دار الايمان.

١٢–الفيوضات الربانية: شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

١٣–نافذة علي فلسفة العصر: د. زكي نجيب محمود.

14–الوجود و القيمه: سامی خرطبيل.


سەرچاوەکان:


١–ديوان حافظ شيرازي/ مؤسسة انتشارات وفاجو– ١٣٧٩.

٢–اخبار الحلاج: تصنيف علي بن انجب الساعي البغدادي.

٣–رابعة العدوية: محمد الشرقاوي.

٤–حافظ الشيرازي شاعر العرفان: مهرجان تكريم حافظ.

٥–التصوف و المتصوفة: جان شو قلبي / ترجمة عبدالقادر قنيني.

٦–ڕۆشنبیری/ ژمارە– ٣٨.

٧–دیوانی مەولەوی: مامۆستا مودەڕیس.

٨–دیوانی مەحوی: مامۆستا مودەڕیس.

٩–دیوانی مەولانا خالید: بە کوردی کردنی پیرەمێرد.

١٠–بیروڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆم.

١١–موازين الصوفية: دار الايمان.

١٢–الفيوضات الربانية: شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

١٣–نافذة علي فلسفة العصر: د. زكي نجيب محمود.

١٤–الوجود و القيمة: سامي خرطبيل.